# جیابونەوەی سۆزداریی

## هەژموون، هۆکار و دواهاتەکانی

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەناوەندی شاری سلێمانی ئەنجامدراوە

هێمن شریف حسن

ماستەر لە کۆمەڵناسی زانکۆی نۆتینگهام ترێنت-بەریتانیا

Hemn.sharif@gmail.com

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٥\١٦ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٦\١٢

**پوختە:**

یەکێك لە جۆرەکانی تەڵاق، جیابونەوەی سۆزدارییە. جیابونەوەی سۆزداریی بە جیابونەوەی بێدەنگ ناو دەبرێت، جیابونەوەیەکی رانەگەیەنراو و نارەسمیە لەنێوان ژن و مێرددا. ئەم جۆرە جیابونەوەیە ناتوانرێت بسەلمێنرێت، چونکە ئاماری بەردەست نییە لەکاتێکدا لەناو لەخێزانەکاندا بوونی هەیە، هەروەها جگە لە جیابونەوەی یاسایی کەمتر باس لەم جۆرە جیابونەوەیە کراوە بۆیە زانینی ئامارێك و راپرسیەك پێویستی ئەم توێژینەوەیە. بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەکە لەگەران بەدوای ئەو هۆکارانەوەیە کە دەبێتەهۆی جیابونەوەی سۆزداریی. بۆ وەرگرتنی ئامار، 100 کەس لە ژنان و پیاوانی خێزاندار لەشاری سلێمانی کە ماوەی هاوسەرگیرییەکەیان (5ساڵ) تێپەڕیبێت و لەئێستا لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەژین بەشێوەی هەرەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون و وەڵامی پرسیارنامەکەیان داوەتەوە کە لە 24 پرسیار پێکهاتووە. دەرەنجامی شیکردنەوەی داتاکان ئەوەی نیشانداوە بەرێژەی (41.6) جیابونەوەی سۆزداریی لەناو خێزانەکانی سنوری توێژینەوە بوونی هەیە.

## دەروازە

توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە خێزان یەکەمین دامەزراوەی گشتی و جیهانیە بۆ تێربوونی پێیداویستیەکانی ژیانی سۆزداری و جەستەیی مرۆڤ و مانەوەی کۆمەڵگا پێیویستە (باستانی و هاوکارەکانی، وەرگیراوە لە شرفی 1383، لا37،). پەیوەندیە تەندروست و گونجاوەکان لەکۆمەڵگادا لەسەر بنەمای پەیوەندیە گونجاوەکان لەخێزاندا دروستدەبێت و هەتا پەیوەندیەکان لەناو خێزاندا تەندروستبن، کۆمەڵگاش پایەدارتر دەبیێت (اعزازی،1375، لا11). هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت بەبێ بوونی خێزانی تەندروست سەرکەوتوبێت و هیچ کام لە لادانە کۆمەڵایەتی و تاوانەکان و زیانە کۆمەڵایەتیەکان بەبێ کاریگەری خێزان دروستنەبوون. (ساروخانی،1375، لا11).

خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەتایی سەرەکی، لەلایەك سەلامەتی تاك و لەلایەکیتر مانەوەی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات. خێزان شوێنێکە تاکەکەس دەتوانێت بەبەرکەماڵبوونی کەسایەتی خۆی بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی و رۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لەکۆمەڵگادا ئامادە ببێت (ریاحی، علیوردی نیا و بهرامی کاکوند،1386).

یەکێك لە کێشەکانی خێزان تەڵاق یان جیابونەوەیە، پسپۆرانی کۆمەڵناسی خێزان لەو بروایەدان پرۆسەی تەڵاق بەچەند قۆناغێکدا دەروات: ناکۆکی بچوك، دووبارەبونەوەی ناکۆکی بچوك و سوربوون لەسەری، جیابونەوە یان بێمەیلی یەکێك لە هاوسەران بەرامبەر بەویتر، زیزبوونی ماوەدرێژ و دووبارەبونەوەی، ماندووبوونی هاوسەران لە زیزبوون و ناکۆکی، جیابونەوەی سۆزداریی، جیابونەوەی یاسایی(محمدی،1383، 111).

تەڵاق یان جیابونەوە، یەکێکە لە روداوە ناخۆشەکانی ژیان کە لەژیانی هەندێك کەسدا رودەدات، لەم ساڵانەی دوایدا بۆتە بەربەستێکی گەورەی کۆمەڵایەتی(الیسون،واکر،گلن و مارکوات 2011). تەڵاق پەرتەوازەیی کەسی و خێزانی و کۆمەڵایەتی بەدوادا دێت، کاریگەریەکەی لەسەر ژنان زیاترە (موسایی، توسلی و مهرارا.2011، ساکاتا و مکنزی،2011). بەپێی ئامارەکان تێبینی دەکرێت 20 تا 25 لەسەدی هاوسەرگیرییەکان لە هەرێمی کوردستان بەجیابونەوە کۆتای پێدێت[1] .

[1] بۆ بینینی ئامارەکانی جیابونەوە لەهەرێمی کوردستان بروانە وێب سایتی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان(krjc.org)

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

### جیابونەوەی سۆزداریی، پێناسە، چەمك و تایبەتمەندیەکانی

چۆنیەتی پەیوەندیەکان لەناو خێزاندا، رۆڵێکی گەورەی هەیە لە فۆرمەلەبونی دید و فیدباکی کۆمەڵایەتی ئەندامانی خێزان، پایەو بنەمای پەیوەندی ناو خێزان لەسەر چوارچێوەو ئاراستەی پەیوەندی ژن و مێردە (افروز،1389،لا2)، جیابونەوەی سۆزداریی هێمای بوونی کێشەیە لەپەیوەندی تەندروستی نێوان ژن و مێرددا. ئەم کێشەیە دەتوانێت لەکۆمەڵگاشدا رەنگبداتەوە و بڵاوبێتەوەو پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان تێکبدات. کاتێك بونیادی دامەزراوەی خێزان توشی لەرزین ببێت، دامەزراوە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکانیش لەرزۆك دەبن و کۆمەڵگا بەرەو کێشەی جۆراوجۆر پاڵ دەنێت. لەم روەوە دیراسەو شیکردنەوەی پرسی جیابونەوەی سۆزداریی پێویستە و گرنگی خۆی هەیە و بە سەرنجدان لەوەی تا ئێستا جگە لە بایەخ و گرنگیدان بە جیابونەوەو جیابونەوەی یاسایی، جیابونەوەی سۆزداریی کەمتر بۆتە جێی باس و توێژینەوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەستپێشخەریەکی نوێیە لەم بوارەداو پێشتر ئەنجام نەدراوە. تەڵاق برینێکی گەورەی خێزانە، بەڵام ئاماری رەسمی تەڵاق و جیابونەوە بەشێوەیەکی گشتی نیشاندەری رێژەی ناکامی و خۆشبەختی هاوسەران لەژیانی خێزانیدا نییە، لەپاڵ ئەوەدا ئامارێکی گەورەتر هەیە ئەویش جیابونەوەی سۆزداریە، جیابونەوەی سۆزداریی، بێدەنگ یان شاراوە، ئاماژەیە بەژیانی خامۆش و متی خێزانە شکستخواردوەکان کە ژن و مێرد پێکەوە بەساردی دەژین بەڵام داوای جیابونەوەی یاسایی ناکەن (بخارایی،1386،لا64). لەراستیدا هەندێك لە هاوسەرگیرییەکان کۆتاییەکەیان تەڵاق و جیابونەوە نییە، بەڵام دەبنە هاوسەرگیریی بودەڵ و خاڵی، ئەمیش دوورە لە عیشق و خۆشەویستی و تەبایی و ژن و مێرد تەنها لەگەڵ رەورەوەی ژیاندا دەرۆن و کات تێدەپەرێنن(ستیل و کید،1388، لا 260). (پاول بوهانان) جیابونەوەی سۆزداریی بەیەکەمین قۆناغ لەپرۆسەی تەڵاق دەبینێت و دەرخەری ئەو راستیەیە کە پەیوەندی ژن و مێردایەتی رو لەئاوابوون و کوژاندنەوەیە(بوهانان،1970 وەرگیراو لە اولسن و دفراین،2006، لا 449) ئەگەر چی ژن و مێرد رەنگە پییێکەوە وەك گروپێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام بن بەڵام جەزابیەت و متمانەو پشتیوانییان لەلای یەکتری نەماوە. لێرەدا ژن و مێرد بەهۆی هەستکردن بە غەمگینی و نائومێدی یەکتر ئازار دەدەن(هەمان سەرچاوە لا572). جیابونەوەی سۆزداریی لەخۆگری نەمانی متمانە و رێز و خۆشەویستیە بەیەکتر، هاوسەران لەبری پشتیوانی لەیەکتر لەئاراستەی ئازارو ناکامی و شکاندنی عیزەتی نەفسی یەکتر کاردەکەن، هەریەکەیان بەدوای بەڵگەوەیە بۆ سەلماندنی عەیب و ناتەواوی و کەمتەرخەمی و رەفزی یەکتر(بوهانان،1970 وەرگیراو لە لاور و لاور،2007، لا 351). بە

sjh@univsul.edu.iq

بروای پاول بوهانان کاتێك خێزانێك بریاری جیابونەوە دەدات بە کۆمەڵێك قۆناغی راگوزەردا تێدەپەرن کە بەشەش قۆناغی باسیکردوون.

1. جیابونەوەی سۆزداریی: دەرخەری ئاوابوونی پەیوەندی ژن و مێردە، گرژی زۆری نێوان ژن و مێردە وکۆتاییەکەی جیابونەوەیە.

2. جیابونەوەی یاسایی: لەخۆگری هەل و مەرج و ئەو بەڵگانەیە کە هاوسەرگیرییەکە کۆتایی بێت.

3. جیابونەوەی ئابووری: پەیوەندی بەدابەشکردنی سەروەت و سامانەوە هەیە.

4. جیابونەوەی هەماهەنگی نێوان دایك و باوك: بابەتەکانی مناڵ لەخۆگرتن و بینین سەردانەکان و لەخۆدەگرێت.

5. جیابونەوەی کۆمەڵایەتی: پەیوەندی بە گۆرانکاریەکان لە پەیوەندیەکانی خزمان و ناسراواندا هەیە کە کەسی تەڵاقدراو روبەروی دەبێتەوە.

6. جیابونەوەی دەرونی: تاکەکەس دەبێت پەیوەندی و هاوبەستەگیە سۆزداریەکان ببچرێنێت و پابەندبێت بە ژیانی تەنهاییەوە(بخارایی،1386).

تێبینی ئەوە دەکرێت کە جیابونەوەی سۆزداریی سەرچاوەی تەڵاقەکانیترەو پەیوەندیەکانی ژن و مێرد کۆتایی پیێدێنێت (اولسن و دفراین،2006).

جیابونەوەی سۆزداریی بەزۆری پەیوەستە بەو خێزانانەوە کە بەهۆی بیروباوەری کۆن و نادروست و تێروانینی نەرێنی کۆمەڵگا بۆ ژنانی تەڵاقدراو، ترس و نیگەرانی لە تەنهایی، لەدەستدانی مناڵان و ترسی ئابوری بریار دەدەن لەژێر سەقفێکدا بمێننەوە. لێرەدا ژنان گۆشە نشینی هەڵدەبژێرن و خۆیان بەهاوبەشی ژیان نازانن و تەنها بەهۆکاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و خێزانی وکلتوری بەردەوامی بەوژیانە دەدەن.

جیابونەوەی سۆزداریی، مەودای سۆزداریی ئاشکرای نێوان ئەو هاوسەرانەیە کە هەردوکیان پێنەگەشتون، هەرچەندە یەکێکیان لەوانەیە جەختبکاتەوە لەسەر ئەم پیێنەگشتنە بەڵام ئەویتریان بەکردەوەی زیادەرەوانە رەتی دەکاتەوە (گلدنبرگ و گلدنبرگ،1387،لا416). ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە هاوسەرگیریی شێوەو ئاستێك لە نزیکی و بێگەردی هەبێت، بەڵام جیابونەوەی سۆزداریی لەوانەیە لەپەیوەندیەکدا دەرکەوێت تیادا جیاوازی بەرچاو هەبێت و هاوسەران لەگەڵ یەکتر دەژین بەڵام لە هەستەکانی یەکتریدا هاوبەش نین. لەلایەکی ترەوە پەیوەندیەکمان بۆ

sjh@univsul.edu.iq

دەخاتەروو کە تیایدا هاوسەران لەبۆنەو شوێنە گشتیەکاندا باش و نزیك لەیەکترو خۆشەویست دەردەکەون، بەڵام لەتەنهایی و چۆڵیدا تەحەمولی یەکتر ناکەن (تبریزی و همکاران، 1385،لا111). کەوابوو لەجیابونەوەی سۆزداریدا هاوسەرەکان تەنها لەژێر سەقفێکدا دەژین، لەکاتێکدا پەیوەندیەکانیان تەواو دابراوە یان بەبێ مەیل و رەزامەندییە(محمدی،1383،لا111).

زۆرێك لە هاوسەران بەیەکەوە دەژین بەڵام ئاگاداری وجودی ناوەوەی یەکتری نین. بچرینی پەیوەندی سۆزداریی دەرەنجامی نادیارو نەوتراوی زۆری هەیە کە نابێت بەکەم لەبەرچاو بگیرێت. زۆرێك لەخێزانەکان کێشەخێزانیەکانیان دەسپێرن بەگوزەری زەمەن کە بەوتەی خۆیان "دواتر چاکدەبێت، بەهاتنی مناڵ باش دەبێت" بەڵام بەکەمنیشاندانی گرفتی خێزانی و کۆڵەکەکردنیان دەتوانییێت ئاسەواری کێشەکان زۆر زیاتر بکات. لەکۆمەڵگای ئەمرۆدا پەیمانی هاوسەرگیری بەلای ژنانەوە بەهەمان شێوە کە بەلای زۆرێك لەژنانی کۆنەوە پیرۆز و بەبەهابوو، هێشتاش پیرۆز و بەبەهایە و زۆرێك لەژنانی ئەمرۆ ئامادەنین سەنتەری خێزان چۆڵ بکەن. لەم بارودۆخەشدا زۆرترین زیان بەر دەرون و رۆحی منداڵ دەکەوێت و ئەوە کە پێویستە بەرگەی ئەم دۆخە بگرێت.

جیابونەوەی سۆزداریی زەنگێکی مەترسیداری هەڵوەشان و پەرتەوازەیی خێزانە، لەبەرئەوەی سەرەتایەکە بۆ جیابونەوەی یاسایی و لەلایەکی ترەوە ئەگەر بەرەو جیابونەوەی یاسایی نەروات ئەوە کاریگەریەکی خراپتری هەیە لەسەر ژن ومێرد و مناڵەکان.

**جیابونەوەی سۆزداریی و تیۆرەکان**


پێناسەکان، وەك لەسەرەوە خرانە روو، ئاماژە بەوە دەکەن جیابونەوەی سۆزداریی تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوان ژن و مێردە، بەڵام هیچ کام لەوپێناسانەی کراوە پێوەری کەسی بۆ دیاریکردنی ئەو هاوسەرانەی لەبارودۆخێکی وەهادان نەخراوەتەروو. بۆ تێگەشتن لەپێناسەیەکی دروست دوو تیۆر لەبواری پەیوەندی تاکەکاندا هەیە دەخەینە روو تابتوانرێت ئەو کەسانەی دووچاری ئەم جۆرە تەڵاقە بوونەتەوە دەستنیشان بکرێت.

تیۆری سێگۆشەی ستێرنبێرگ ( Sternberg, R)

(رۆبەرت ستێرنبێرگ) لایەنی جیاوازی عەشق بەسێگۆشەیەك نیشاندەدات کە سێ کەتیگۆری لەخۆدەگرێت، پەیمان commitment، هۆگریintimacy، تامەزرۆیی و مەیل passion. سێگۆشەی عیشق بە رێگای جیاواز بەیەکدەگەنەوە کە لەسەر ئەم بنەمایە ستێرنبێرگ هەشت جۆر پەیوەندی دەستنیشانکردووە. یەکێك لە جۆرەکانی پەیوەندی، عەشقی خەیاڵییە،کە تەنها لەخۆگری پەیمانەو هۆگری و تامەزرۆیی/مەیلی تیادا نییە. جۆرێکیتریش عەشقی نەفامانەیە کە لەخۆگری پەیمان و

sjh@univsul.edu.iq

تامەزرۆییە و هۆگری تیادا نییە (ستێرنبێرگ و بارنس،1988، وەرگیراوە لە اولسن و دفراین،2006 ، لا248-246). بەلەبەرچاوگرتنی سێگۆشەی عەشقی ستێرنبێرگ، لەویادا کە جیابونەوەی سۆزداریی پەیوەندیەکە هۆگری تیادا نییە، دەتوانرێت دووجۆری پەیوەندی پێناسەکراو لەلایەن ستێرنبێرگ واتە عەشقی خەیاڵی و عەشی نەفامانە بە جیابونەوەی سۆزداریی دابنرێ.




**تیۆری پەیوەندییەکانی مارك نۆپ (Mark Knapp)**

(مارك نۆپ) شکاریەکی قوڵی لە قۆناغی دەستپێك، ئەزمونکردن و کۆتایی پێهێنانی پەیوەندیەك و پرۆسەکانی پەیوەندی پەیوەست بەوانەوە کە هەرقۆناغێك لەقۆناغەکانیتر دیاریدەکەن خستۆتەروو. ئەم قۆناغانە لە فۆرمەلەبونی پەیوەندیەکەوە دەستپێدەکات، لەدوای گەشتن بە لوتکە، پەیوەندیەکە رووی لەدابەزین و ئاوابوون کردوەو بەئاراستەی جیابونەوە دەجوڵێت. هەمووی لە دە قۆناغدا لەپەیوەندی بە تاکەکانەوە جیاکردۆتەوە کە پێنج قۆناغیان پەیوەندی بە لکاندن و نزیکبونەوەیە و پێنج قۆناغیتر پەیوەندی بە جیابونەوەیە:

1. قۆناغی دابران: ئەوکاتەیە کە پەیوەندیەکانی هەردولا یان یەکێکیان هەستبکات پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئەویتردا، ئەوی تەواو سنوردارکردووە. لەم دۆخەدا هەردوولا زیاتر لە بوونی خاڵی هاوبەش بیر لەجیاوازیەکان دەکەنەوە و هەوڵی بەرجەستەکردنی ناکۆکیەکان دەدەن (مارك نوپ، وەرگیراوە لە فرهنگی،1379،لا 148).

2. قۆناغی سنوردارکردن: لەم قۆناغەدا پەیوەندیەکانی هەردوولا دەستبەکەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندی و رێژەی نزیکیان دەکەن، تامەزرۆیی ئەوتۆ بۆ پەیوەندی نیشانناەدەن و لە قسەکردن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە دەمەقالێ و گرژی دەنێتەوە دوور دەکەونەوە.

پەیوەندیەکەیان بەجۆرێکی هەستپێکراو بەرەو رەسمی دەروات، دەستەواژە و دەربرینەکانیان نیشانەی بێباکییە بەرامبەر خواستەکانی یەکتر(هەمان سەرچاوە).

3. قۆناغی بێرۆحبوونی پەیوەندییەکان: نیشانەی وێرانبوونی زیاد لەرادەی پەیوەندیە. لەم قۆناغەدا پەیامە کەلامی و ئاماژەییەکان بەجۆرێکن کە بەگشتی لەنێوان کەسانی بێگانەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت و وێنەیەك نییە لە خۆشەویستی و لێبوردن. هۆکاری بەردەوامبوونی پەیوەندی لەم دۆخەدا، هۆکارگەلی ئەودیوترن و گرنگ لایەنێکی تری پەیوەندیەکەیە. (هەمان سەرچاوە، لا169).

4. قۆناغی دوورکەوتنەوە لەیەکتر: لەم قۆناغەدا پەیوەندیەکانی هەردولا بە هەڵهاتن لەیەکتر هەوڵدەدەن نیگەرانی و بێتاقەتیەکانی خۆیان کەم بکەنەوە و ئەنجامەکەی جیابونەوەی جەستەییە. واتە هەردوولا هەوڵدەدەن لەیەکتر نزیك نەکەونەوەو یەکتر نەبینن. ئەم قۆناغە لەناو هاوسەراندا بەسەختی روودەدات، چونکە ئەوان بەهۆی هەلومەرجی هاوبەشەوە(وەك منداڵ و شتیتر) ناچارن لەخانویەکدا بژین (هەمان سەرچاوە).

5. قۆناغی جیابونەوە: دوایین قۆناغی پەیوەندی نێوان تاکەکانە، ئەشێ جیابونەوە لەدوای گفتوگۆیەکی کورت یان لەدوای تەمەنێکی زۆر ژیانی هاوبەش روودات (هەمان سەرچاوە).

بەگشتی و بەسەرنجدان لە تیۆرەکانی مارك نۆپ کە لەسەرەوە خرانەروو، بەتایبەتی شیکردنەوەکەی لە قۆناغی جیابونەوەدا، دەتوانرێت جیابونەوەی سۆزداریی لەو دۆخەدا لەبەرچاوبگرین کە پەیوەندی هاوسەران، لەقۆناغی سنوردارکردن، بێرۆح بوون و هەڵهاتن لەیەکتر بێت.

## کێشەی توێژینەوە

کێشەکە خۆی لە ویستی دەرخستنی بوونی جیابوونەوەی سۆزداری لەناو خێزانەکانی نموونەی توێژینەوە دەبینێتەوە. ئایا دابران و جیابوونەوەی سۆزداری بوونی هەیە لەناو خێزانەکانی سنورو نمونەی توێژینەوە؟ نیشانەو دەرکەوتەکانی و هۆکارەکانی جیابوونەوەی سۆزداری چین و کامانەن؟

## گرنگی و ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستکەوتنی ئامارێکی سەرەتاییە لەسەر جیابونەوەی سۆزداریی. تەلاقی سۆزداریی بەجیابونەوەی بێدەنگ یان شاراوە ناودەبرێت، جیابونەوەیەکی رانەگەیەنراو و نارەسمیە لەنێوان ژن و مێرددا. هەروەها جگە لە تەلاقی یاسایی کەمتر باس لەم جۆرە تەڵاقە

کراوە و تا ئێستا هیچ ئامارێك لەبەردەست نییە، بۆیە دەستکەوتنی ئامارێکی سەرەتایی پێویستی ئەم توێژینەوەیە. زانینی ئامارو مەترسیەکانی جیابونەوەی شاراوە، خێزانەکان هۆشیارو لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداردەکاتەوە هەنگاوی چارەسەر بنێن.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتییە. روپێوی کۆمەڵایەتی شێوازێکە بۆ دەستکەوتنی ئامارو زانیاری دەربارەی دیاردەیەك، دیدو تێروان، بیروباوەر، رەفتار، یان تایبەتمەندی گروپێك لە کۆمەڵگادا( محمد قربانی، روش تحقیق پیمایشی،1398)

نمونەی توێژینەوەکە پێك هاتوون لە ژنان و پیاوانی خێزاندار لەناوەندی قەزای شاری سلێمانی کە ماوەی هاوسەرگیرییەکەیان (5ساڵ) تێپەرییێت و لەئێستا لەگەڵ هاوسەرەکانیان بژین، (70) ژن و (30) پیاو بەشێوەی هەرەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون و وەڵامی پرسیارنامەکەیان داوەتەوە.

کەرەستەی ئاماری، سوود لە پێوەری ئاماری ڕێژەی سەدی وەرگیراوە، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی سەدی وەڵامەکان.

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times 100$$

هەروەها سوود لە پێوەری ئاماریی ناوەندە ژمێرەیی وەرگیراوە، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی گشت بەهاکان.

$$\bar{x} = \frac{1}{n}\sum_{i=1}^{n} x_i = \frac{1}{n}(x_1 + \cdots + x_n)$$

خشتەی 1: تایبەتمەندی کەسی بەشداربوان

| تایبەتمەندیەکان | ئاست | ژمارە | ڕێژەی سەدی | تایبەتمەندیەکان | ئاست | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 30-20 | 45 | 45 | پیشە | ئیشکەر | 60 | 60 |
| | 40-30 | 30 | 30 | | بێ ئیش | 40 | 40 |
| | 50-40 | 25 | 25 | | 10-5 | 35 | 35 |
| ڕەگەز | ژن | 70 | 70 | | 15-10 | 35 | 35 |
| | پیاو | 30 | 30 | ماوەی | 20-15 | 20 | 10 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندن | بنەرەتی | 15 | 15 | خێزانداری | 25-20 | 5 | 5 |
| | ئامادەیی | 20 | 20 | | 30-25 | 15 | 15 |
| | دبلۆم و بەکالۆریۆس | 60 | 60 | ژ. مناڵ | بەمنداڵ | 92 | 92 |
| | خوێندنی باڵا | 5 | 5 | | بێ منداڵ | 8 | 8 |
| کۆی گشتی | 100 | | 100 | کۆی گشتی | 100 | | 100 |

خشتەی 2: بوونی جیابونەوەی سۆزداریی نمونەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| ژمارەی پرسیار | ناوەندە ژمێرەیی |
|---|---|
| 24 | 41.6 |

خشتەی 2 نمرەی جیابونەوەی سۆزداریی نیشاندەدات لەناو ئەوخێزانانەی نمونەی توێژینەوەکەن ئەمەش لە پرسیارنامەیەکدا کە 24 پرسیار لەخۆ دەگرێت بەمەبەستی هەڵسەنگاندی چۆنیەتی پەیوەندی تاکەکەس لەگەڵ هاوسەرەکەی و بوون یان نەبوونی جیابونەوەی سۆزداریی روندەکەنەوە، رێژەی (41.6%) هاوسەرانی نمونەی توێژینەوەکە دووچاری گرفتی جیابونەوەی سۆزداریی بونەتەوە. دەتوانرێت بوترێت ئەم نمرەیە نمرەی جیابونەوەی سۆزداریە لەناو خێزانەکاندا.

خشتەی 3: نەبوونی متمانەو هەستی بەرپرسیاریەتی لای نمونەی توێژینەوە

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | من و هاوسەرەکەم متمانەمان بەیەک نەماوە. | 26 | 15 | 59 | 100 | %100 |
| 2 | بەرامبەر بەیەکتر کەمتر هەست بەبەرپرسیاری دەکەین. | 17 | 20 | 63 | 100 | %100 |
| 3 | بەرامبەر بە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان | 15 | 24 | 61 | 100 | %100 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بێباکین. | | | | | |
| | کۆی گشتی | 58 | 59 | 183 | 300 | %100 |
| | ڕێژەی سەدی | 19.33 % | %19.66 | % 61 | 100 | %100 |

داتاکانی خشتەی ژمارە (3) زانیاری دەربارە نەبوونی متمانەو هەستی بەرپرسیاریەتی لەنێوان ژن و مێرد بەرامبەر بە یەکتری لەلایەك، بەرامبەر بە منداڵەکان لەلایەکیتر دەخاتەروو. بەشداربوان بەرێژەی (61%) سەرەرای بوونی گرفتی سۆزداری و پەیوەندیەکانیان هێشتا متمانەیان بەیەکتری و هەستی بەرپرسیارەتییان بەرامبەر بە خێزان لەئاستێکی بەرزدایە. هەروەها (19.66%) نمونەی بەشداربوان متمانەو بەرپرسیاریەتیان بەرامبەر بە خێزان لاوازە بۆیە وەڵامی (تارادەیەك)یان هەڵبژاردووە، هەروەها (19.33%) ئاستی بەرپرسیاریەتییان نییە و بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە.

هەستنەکردن بەبەرپرسیارییەتی و نەمانی متمانە بەیەکێك لەهۆکارەکانی تەڵاقی سۆزداریی دادەنرێت، ژن و مێرد بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسودەیی بژین و ژیانێکی هاوبەش و ئارامیان هەبێت، پێویستە لەسەرجەم رەهەندەکانی ژیانیاندا متمانەیان بەیەکتر هەبێت. بەرپرسیاریەتیش لەخێزاندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاکەکەس (ژن یان پیاو) بەرامبەر بە ئەرکەکەی بەرپرس بێت. کەسانێکیش کە هەستی بەرپرسیاریەتیان بەرامبەر بەخێزان نییە یان لەدەستیانداوە کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ژیانیان دروستدەکات، لێرەوە پەیوەندیەکانیان دووچاری گرفت دەبێت و بەرەو جیابونەوەی سۆزداریی دەروات.

خشتەی 4: ئاستی پێکەوەبوونی(کاتبەسەربردنی) نمونەی توێژینەوە

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هاوسەرەکەم پێی باشترە کاتەکانی لەگەڵ هاوریکانی بباتەسەر. | 19 | 27 | 54 | 100 | %100 |
| 2 | من و هاوسەرەکەم کاتی زۆر بەیەکەوە نابەینەسەر. | 21 | 18 | 61 | 100 | %100 |
| 3 | من و هاوسەرەکەم زۆرکەم پێکەوە قسەو گفتوگۆ دەکەین. | 31 | 26 | 43 | 100 | %100 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | لەکاروباری ناوماڵدا هاوکاری یەکتر ناکەین. | 14 | 25 | 61 | 100 | %100 |
| 5 | گاڵتەو قسەی خۆش پێکەوە ناکەین. | 33 | 26 | 41 | 100 | %100 |
| | کۆی گشتی | 118 | 122 | 260 | 500 | %100 |
| | ڕێژەی سەدی | 23.6 % | % 24.4 | % 52 | 100 | %100 |

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (4) ئاماژەیە بۆ پێکەوەبوون و کاتبەسەربردنی بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە. ڕێژەی (52%) بەشداربوان کە زۆرترینی نمونەی توێژینەوەکەن کاتەکانیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان بەسەر دەبەن و هاوکاری یەکترین لەکاروباری ناوماڵدا. ڕێژەی (23.6%) بەشداربوان وەڵامی (بەڵێ)، ڕێژەی (24.4%) وەڵامی (تارادەیەك)یان هەڵبژاردووە کە هاوتایە بەنزیکەی نیوەی بەشداربوان کەمتر کاتەکانیان بەیەکەوە بەسەر دەبەن و گفتوگۆو پەیوەندی روبەرویان کەمترە.

( باستانی و هاوکارەکانی،1389) لە توێژینەوەکەیاندا چەند هۆکارێکی سەرەکی باسدەکەن کە ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی جیابونەوەی سۆزدارییدا، یەکێك لەو هۆکارانە بریتیە لە کاتبەسەرنەبردن لەگەڵ یەکتر. لەتوێژینەوەیەکیتردا (کفاشی و سرابادانی،1390) باس لە ڕێکنەکەوتنی ژن و پیاو دەکەن لەسەر شێوازی بەسەربردنی کاتی بەتاڵ. بۆئەوەی ناکۆکی لەپەیوەندیەکاندا دروستنەبێت پێویستە کاتبەسەربردنی هاوسەران یان پێکەوەبوون هاوسەنگبێت، زۆرپێکەوەبوون ناکۆکیەکان زیاترو گرژی دروستدەکات، پشتگوێخستن و پێکەوەنەبونیش دەبێتەهۆی لاوازبوونی پەیوەندی. هاوکێشەکە بەجۆرێکە بۆ نمونە ئەگەر پیاو یان ژن ئەوکاتانەی لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەبەنەسەر زیاتر بکەن بەهەمان ئاست ماوەی پێکەوەبوونیان لەگەڵ هاورێکانیان کەم دەبێتەوە. لیرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کاتبەسەرنەبردن لەگەڵ هاوسەر یەکێکە لە هۆکارەکانی جیابونەوەی سۆزداری.

خشتەی 5: ئاستی پەیوەندی سۆزداریی نمونەی توێژینەوە

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەربرینی هەست و خۆشەویستی لەنێوانماندا زۆر کەمە. | 31 | 30 | 39 | 100 | %100 |
| 2 | بیری هاوسەرەکەم ناکەم و دڵتەنگی نابم. | 26 | 14 | 60 | 100 | %100 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵی هیچ هەستێکی باشم پێنادات. | 19 | 17 | 64 | 100 | %100 |
| کۆی گشتی | | 76 | 61 | 163 | 300 | %100 |
| ڕێژەی سەدی | | %25.33 | %20.33 | %54.33 | 100 | %100 |

خشتەی ژمارە (5) ئاماژە بە ئاستی پەیوەندی سۆزداریی نمونەی توێژینەوەکە دەکات. داتاکان ئەوە دەخەنەروو بەرزترین ڕێژە (54.33) بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە کە دەرخەری ئەوراستیەیە پەیوەندی سۆزداریان لەناو خێزاندا باشە، پاشان ڕێژەی (25.33) نمونەی بەشداربوان بە (بەڵێ) و (20.33%) بە (تارادەیەك) وەڵامیان داوەتەوە، ئەمەش ئەوە روندەکاتەوە کە ئاستی پەیوەندی سۆزدارییان لەناو خێزاندا لاوازە.

یەکێك لە ئەرکەکانی خێزان دابینەکردنی پێداویستی سۆزدارییە(اعزازدی، 1389). دابینەکردنی ئەم پێداویستیە هۆکاری دەرکەوتنی کێشەو لەماڵ بێزاربوون و هەڵهاتنەو زەمینەخۆشکەری وەشاندنی گورزێکی کاریگەرە لەپایەکانی خێزان. کاتێك هاوسەرو منداڵەکان لەچوارچێوەی خێزاندا روبەرووی پەیوەندییەکی سۆزداری سارد و بێهەست دەبنەوە، بەکێشی کەسانی دەرەوەی خێزان دەبن، ئەم کارە ئەوان بەرەو پەیوەندییەکی نادروست و مەترسیدار دەبات. کەواتە کیشەی سۆزداری سەرچاوەی دروستبونی جیابونەوەی سۆزدارییە.

خشتەی 6: کاردانەوەی هاوسەران بەرامبەر ژیانی خێزاندارییان لەلای نمونەی توێژینەوە

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پەیوەندی ژن و مێردایەتیمان سست و رو لە ئاوابونە. | 19 | 17 | 64 | 100 | %100 |
| 2 | تا ئێستا چەندینجار بیرم لە جیابونەوە کردۆتەوە. | 16 | 27 | 57 | 100 | %100 |
| 3 | هەندێکجار خۆزگەدەخوازم هاوسەرگیرییم لەگەڵ نەکردایە. | 26 | 22 | 52 | 100 | %100 |
| 4 | وا هەستدەکەم بەبێ هاوسەرەکەم بتوانم بەئاسایی بژیم. | 36 | 21 | 43 | 100 | %100 |
| کۆی گشتی | | 97 | 87 | 216 | 400 | %100 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی | 24.25 % | % 21.75 | %54 | 100 | %100 |

بەخوێندنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (6) ئەوە دەردەکەوێت کاتێك ئاستی پەیوەندی هاوسەران روو لە لاوازبوون دەکات، ئیتر بیر لە جیابونەوەو ژیانی تەنهایی دەکەنەوە، دەکرێت بیر لەژیانی تەنهایی لەوەدا خۆ بنوێنێت کە یەکێك لەهاوسەران خۆزگە بخوازێت بەوەی هاوسەرگیری نەکردایە. هەرچەندە لەخشتەکەدا ئەوە دەردەکەوێن زۆرینەی بەشداربوان پێیان وایە پەیوەندی و ژیانی خێزانیان باشە بۆیە ڕێژەی (54%) بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە، لەهەمانکاتدا لەکۆی گشتی بەشداربوانی توێژینەوەکە ڕێژەی (24.25%) بە (بەڵێ) و ڕێژەی (21.75%) بە (تارادەیەك) وەڵامیان تۆمار کردووە و پێیان وایە پەیوەندی و ژیانی خێزانیان روی لەئاوابونە. کاتێك ژن و مێرد لەبارودۆخی جیابونەوەی سۆزداریدابوون ژیانێکی پرناخۆشی و نائاسودەیی بەسەر دەبەن. نارازاییبوون لە هاوسەر یان هەستکردن بەپەشیمانی لەپرۆسەی هاوسەرگیری زۆرجار بۆ ئەو هۆکارە دەگەرێتەوە کە هاوسەران هەستدەکەن هاوسەرەکانیان هەمان ئەو کەسەی سەرەتای ژیانی دەستگیرانی و پێکەوەبوونیان نییە و هەڵس و کەوتی گۆراوە.بەپێی راپرسیەك کە لەگۆڤاری ژنی ئەمرۆ ( Todayswomannow ) بڵاوکراوەتەوە و 35 هەزار ژن تیایدا بەشداری راپرسیەکەیان کردووە، نزیکەی 50% ئاماژەیان بەوە کردووە هاوسەرەکانیان هاوتای ئەمان نین، هەندێکجار و لەهەندێك قۆناغی ژیانیاندا هەستیان بەپەشیمانی کردووە و 72% بەشداربوان بیریان لە جیابونەوە کردۆتەوە [2].

بەهەرحاڵ، ئەم کێشەیە بەهۆی پەیوەندیی و هۆگریی توند لەقۆناغی دەستگیرانیی و قەبوڵکردنی بێمەرج لەم قۆناغەداو دەستپێکی مەرجی زۆر لە ژیانی واقیعیدا دروستدەبێت. ئەم کەسانە بەبێ بایەخدان بە هەل و مەرجی واقعی ژیان، لەقۆناغی دەستگیرانیدا ژیانێکی رۆمانسیانە ئەزموون دەکەن هیچ جۆرە ناکۆکی و گرژییەك لەنێوانیاندا نییە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکی ژیانی پێکەوەبوون و هاوبەش و کاروباری رۆژانەی ماڵ و ئیشی دەرەوەی ماڵ، ناکۆکییەکان دروستدەبێت و بە دەمەقاڵە و ناکۆکیەکانیان جەوی سۆزداریی خێزان دەگۆرن بە شوێنێکی نائارام. پروین و جان (2001) لەتوێژینەوەیەکدا ئەوە دەسەلمێنن کە گۆرانکاری لە قبوڵکردنی بارودۆخی بێمەرج بە شێوەیەکی کتوپری و یەکجاری، دواهاتی خراپی هەیە لەسەر ساردبونەوەی پەیوەندی و لەرزۆکی پایەداری خێزان.

---

[2] بروانە طؤظاری www.todayswomannow.com/?s=regret+marriage

خشتەی 7: ئاستی سەرنجراکێشی و گرنگیدان بەیەکتر لە لای نمونەی توێژینەوە

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆر گوێ بە روالەتی یەکتر نادەین و گرنگ نیە لەلامان چۆن دەرکەوین. | 32 | 34 | 34 | 100 | %100 |
| 2 | بەرامبەر بە خواست و بایەخی یەکتر گرنگی نادەین. | 21 | 23 | 56 | 100 | %100 |
| 3 | سەرنجراکێشی و جەزابیەتمان بۆیەکتر نەماوە. | 38 | 27 | 35 | 100 | %100 |
| 4 | پەیوەندی جەستەییمان زۆر نییە. | 21 | 22 | 57 | 100 | %100 |
| 5 | من و هاوسەرەکەم بەجیا ئەخەوین. | 20 | 21 | 59 | 100 | %100 |
| کۆی گشتی | | 132 | 127 | 241 | 500 | %100 |
| رێژەی سەدی | | 26.4 % | %25.4 | 48.2 | 100 | %100 |

خشتەی ژمارە (7) ئاستی سەرەنجراکێشی و گرنگیدانی ژن و پیاو لەچوارچێوەی خێزاندا بەیەکتر دەخاتەروو. بەشێکی زۆری بەشداربوان بەرێژەی (48.2%) پێیان وایە هێشتا بایەخ بەیەکتری دەدەن و سەرنجراکێشن بۆ یەکتر. پلەی دووەمیش بەرێژەی (26.4%) وەڵامی (بەڵێ) و رێژەی (25.4%) وەڵامی تارادەیەکیان داوەتەوە. کاتێك هاوسەران گرنگی وبایەخ بەیەکتری نادەن پێدەچێت مانای ئەوە بێت سەرنج راکێشییان بۆ یەکتر نەماوە، ئیتر لێرەوە پەیوەندی جەستەییان کەمدەبێتەوەو سەردەکێشێ بۆ ئەوەی جێگای نوستنیان جیاوازبێت، ئەمەش دروست دەرەنجامی جیابونەوەی سۆزدارییە لەنێوان ژن و پیاودا.

بەپێی تیۆری مارك ناپ، دوورکەوتنەوەی ژن و مێرد لەیەکتر یەکێکە لەقۆناغەکان کە پرۆسەی جیابونەوەی سۆزداری پیادا تێپەردەبێت. بەپێ شیکاریەکەی ئەو، لەم قۆناغەدا پەیوەندیەکانی ژن و مێرد بە هەڵهاتن لەیەکتر هەوڵدەدەن نیگەرانی و بێتاقەتیەکانی خۆیان کەم بکەنەوە و دەرئەنجامەکەی جیابونەوەی جەستەییە. واتە هەردوولا هەوڵدەدەن لەیەکتر نزیك نەکەونەوەو یەکتر نەبینن، چیدی سەرنجراکێش نین بۆ یەکتر و بەرامبەر بە خواست و بایەخی یەکتر گرنگی نادەن (مارك نوپ، وەرگیراوە لە فرهنگی،1379،لا 148).

خشتەی 8: نواندن و نیشاندانی دوالیزمی پەیوەندی ژن و مێرد لەماڵ و دەرەوەی ماڵ

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لەبەرچاوی خەڵکی و بۆنەکاندا ڕێز لەیەکتر دەگرین. | 26 | 22 | 52 | 100 | %100 |
| 2 | لەناو ماڵ پێچەوانەی ئەوەین کە لەدەرەوەو بەرچاوی خەڵکی دەینوێنین. | 25 | 23 | 52 | 100 | %100 |
| کۆی گشتی | | 51 | 45 | 104 | 200 | %100 |
| ڕێژەی سەدی | | 25.5 % | %22.5 | %52 | 100 | %100 |

لە خشتەی ژمارە (8) بەشداربوانی نمونەی توێژینەوە دوالیزمی پەیوەندیەکانیان لەناو ماڵ و دەرەوەی ماڵ ( لەلای یەکتری و لەبەرچاوی خەلکی) دەخەنەروو، ئەم ڕەفتارە بەجۆریکە هاوسەران لەناوماڵ و ژیانی تایبەتی خۆیاندا پەیوەندیەکانیان سست و پرە لە ناکۆکی، بەڵام لە دەروەی ماڵ و شوێنە گشتی و بۆنەکاندا و لەبەر چاوی خزمان و خەڵکی پێچەوانەی ئەوەن، کە ئەمەش دەرخەری بوونی جیابونەوەی سۆزداییە لەنێوانیاندا. بەریژەی (52%) بەشداربوان سیفاتی نواندن و دوالیمزمییان تێدانییە و وەلامی (نەخیر) یان هەلبژاردووە، ریژەی (25.5) بەشداربوان بە (بەلێ) وەلامیان داوەتەوەو (22.5%) وەلامی (تارادەیەك) یان هەلبژاردووە کە هەردوو وەلامەکە دەرخەری بوونی سیفاتی تەلاقی سۆزدارین. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جیابونەوەی سۆزداری پەیوەندیەکمان بۆ دەخاتەروو کە تیایدا هاوسەران لەبۆنەو شوێنە گشتیەکاندا باش و نزیك لەیەکترو خۆشەویست دەردەکەون، بەڵام لەتەنهایی و چۆڵیدا تەحەمولی یەکتر ناکەن (تبریزی و همکاران، 1385،لا111). بۆیە دەتوانرێت بوترێت ئەو خێزانانەی دووچاری جیابونەوەی سۆزداری بوونەتەوە بەربەستی یاسایی و کلتوری و ئابوری بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە نەك هۆگری و لایەنی سۆزداری، لێرەدا ژن ومێرد پەیوەندی و مانەوەیان لەپێناو خۆیاندا نییە لەپێناو هۆکارێکی پشت پەیوەندییەکەیانە. تێروانینی نەرێنی کۆمەڵگا بۆ ژنانی تەڵاقدراو، ترس و نیگەرانی لە تەنهایی، لەدەستدانی مناڵان و ترسی ئابوری بریار دەدەن لەژێر سەقفێکدا بمێننەوە، بۆیە ناچاردەبن بەوەی لەشوێنەگشتیەکان و بەرچاوی خەڵك روپامایی و نواندن بکەن و وای نیشانبدەن لەچانێکی خێزانی تەندروستدان.

خشتەی 9: جیاوازی و نەگونجاندنی بیروباوەر لەلای نمونەی توێژینەوە

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هاوسەرەکەم لەمن ناگات. | 20 | 19 | 61 | 100 | %100 |
| 2 | وا هەستەکەم خاڵی هاوبەشمان نییە. | 33 | 16 | 51 | 100 | %100 |
| | کۆی گشتی | 53 | 35 | 112 | 200 | %100 |
| | ڕێژەی سەدی | %26.5 | %17.5 | %56 | 100 | %100 |

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (9) ئاماژەیە بە جیاوازی و نەگونجاندنی بیروباوەر و سروشتی کەسێتی نمونەی توێژینەوە. زۆرینەی بەشداربوان بەریژەی (56%) ناکۆکی و خاڵی لێکتێنەگەشتنیان نییە، پلەی دووەم و ڕێژەی (26.5%) لەبەشداربوان رایان گەیاندووە کە لێکتێنەگەشتن و خاڵی هاوبەش لەنێواندا کەمە بۆیە وەڵامی (بەڵێ) یان هەلبژاردووە، بژاردەی (تارادەیەك) بەپلەی سێیەم دێت و ریژەی (17.5%) بەدەستهێناوە.

ناکۆکی و جیاوازی زۆری بیروباوەر لەنێوان هاوسەراندا وادەکات خاڵی هاوبەش کەم بێت و لەیەکتری نەگەن، چونکە لەبنەرەتەوە لەدوو خێزان و چینی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە هاتوون. ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوسەران تێگەشتنێکی نادروست لەرەفتارو گوفتاری یەکتر بکەن، لەم دۆخەدا هەردوولا زیاتر لە بوونی خاڵی هاوبەش بیر لەجیاوازیەکان دەکەنەوە و هەوڵی بەرجەستەکردنی ناکۆکیەکان دەدەن (مارك نوپ، وەرگیراوە لە فرهنگی،1379،لا 148). ئەم پرۆسەیە بەرەو ئەو دەرەنجامە دەچێت کە پەیوەندیەکانی هەردوولا دەستبەکەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندی و ڕێژەی نزیکیان دەکەن، تامەزرۆیی ئەوتۆ بۆ پەیوەندی نیشاننادەن و لە قسەکردن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە دەمەقالێ و گرژی دەنێتەوە دوور دەکەونەوە.

**هۆکارەکانی جیابونەوەی سۆزداریی**

توێژینەوەکان هۆکاری جیاواز باس دەکەن بۆ تەڵاق و جیابونەوەی سۆزداریی، لەوانە ناکۆکی و جیاوازی زۆری بیروباوەر، جیاوازی کەسێتی، جیاوازی کلتوری، سێکسی، خێزانی، پەروەردەکردنی

جیاواز، پێداگری هەردولا لەسەر هەیمەنەی خۆیان(مالوف، پورشتاینسون، سکوت، بولارو روك،2010). تەمەنی کەم لەکاتی هاوسەرگیریی (لارسون ه هلمن،1994)، کارو پیشەی زیاد لەتوانا،کێشەی ئابوری وکەم دەستی، کێشەو ناکۆکی لەبابەت ژیانی ژن و مێردایەتی و سێکسی، بوونی سەرگەرمی جیاواز، لەخۆباییبوون و عینادیکردن و رێکنەکەوتن لەسەر شێوەی کاتی بەتاڵ بەسەربردن و هەندێ تایبەتمەندی کەسی وەك خۆویستی، داواکاری زۆر، لەخۆرازی و نەبونی متمانە بەخۆ(باس و شاکلفۆرد، وەرگیراو لە کفاشی و سرابادانی،1390). خیانەت، نەبونی خۆشەویستی و کێشەی سۆزداریی (چلن و مصطفی،2008). زۆروابەستەبوون بەئیش و کار،کێشە لەگەڵ ماڵە خەزوران، نەبوونی پشتگیری ئابووری، بێمتمانەیی، پێنەگەشتویی، نەمانی پەیوەندی (کیستون و هولمز 1992).

لە توێژینەوەیەکدا( باستانی و هاوکارەکانی،1389) یانزە هۆکار وەك هۆکاری سەرەکی کە بریتین لە: دابیننەکردنی پێداویستی سۆزداری، بێبایەخی پیاو،کێشە لەپەیوەندیدا، هەڵبژاردنی نادروستی هاوسەر، نەبوونی هاودڵی وهاودەمی، رەفتاری توندوتیژ، کاتبەسەرنەبردن لەگەڵ یەکتر، نارەزایی سێکسی، بێمتمانەیی، هەستنەکردن بەبەرپرسیاری و ناهاوسەنگی رۆحی پیاوان. جگە لەمانەش نۆ هۆکار وەك هۆکارگەلی لاوەکی کاریگەربوون وەك خۆهەڵقورتاندنی خێزانەکان، نارەزامەندی لە خێزانەکان، ناهەماهەنگی خێزان، شێوەی پەروەدەکردنی نادروست، ژیان لەماڵە خەزوران، کارو لایەنی ئابووری پیاوان، مەشروبات و قومارکردن، ژیان لە شارێکی تر و دووبارە ژنهێنانەوەی پیاوان.

ئەوەی لەم توێژینەوەشدا بەدەستهاتوە لەسەر هۆکارەکانی جیابونەوەی سۆزداری هاوتایە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی باسکران کە خۆی لەم هۆکارانەدا دەبینێتەوە : هەروەها بەپێ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەویە هۆکارەکانی جیابونەوەی سۆزداری بریتین لە: نەبوونی متمانەو هەستی بەرپرسیاریەتی، تەرخاننەکردنی کات، دابیننەکردنی پێداویستی سۆزداری، گرنگینەدان بەیەکتر، ناکۆکی و جیاوازی زۆری بیروباوەر و جیاوازی کەسێتی.

هەموو ئەمانە نیشانیدەدەن کە جیابونەوەی سۆزداریی دیاردەیەکی فرەهۆکارە. رێژەی کاریگەریان لە جیابونەوەی سۆزداریدا جیاوازە، بۆ نمونە هۆکاری وەك "دابیننەکردنی پێداویستی سۆزداری" رەنگە کاریگەری لە تێکدانی نێوان ژن و پیاوێکدا زیاتر بێت لە ژن و پیاوێکیتر. هەروەها جیابونەوەی سۆزداریی پەیوەندی بە ژمارەی هۆکارەکانەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە توندی ئەو هۆکارەوە هەیە کە کاری زیاتری تێدەکات. بۆیە جیابونەوەی سۆزداریی لە دیدگای هۆکارەکانەوە جیاوازە.

**ئەو هەڵس و کەوتانەی هۆکاری سەرەکین لە جیابونەوەی سۆزداریی**

**قبوڵکردنی بێمەرج/ قبوڵکردن بەمەرجی زۆر**

ئەم کێشەیە بەهۆی پەیوەندیی و هۆگریی توند لەقۆناغی دەستگیرانیی(یان پەیوەندی خۆشەویستی پێش دەستگیرانی) و قەبوڵکردنی بێمەرج لەم قۆناغەداو دەستپێکی مەرجی زۆر لە ژیانی واقیعیدا نیشان دەدات. جۆری پەیوەندی دوولایەنە لێرەدا باش و لەخۆگری خۆشەویستی و هۆگرییە، ئەم کەسانە بەبێ بایەخدان بە هەل و مەرجی واقعی ژیان، لەقۆناغی دەستگیرانیدا ژیانێکی رۆمانسیانە ئەزموون دەکەن هیچ جۆرە ناکۆکی و گرژییەك لەنێوانیاندا نییە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکی ژیانی پێکەوەبوون و هاوبەش و کاروباری رۆژانەی ماڵ و ئیشی دەرەوەی ماڵ، ناکۆکییەکان دروستدەبێت و بە دەمەقاڵە و ناکۆکیەکانیان جەوی سۆزداریی خێزان دەگۆرن بە شوێنێکی نائارام. پروین و جان (2001) لەتوێژینەوەیەکدا ئەوە دەسەلمێنن کە گۆرانکاری لە قبوڵکردنی بارودۆخی بێمەرج بە شێوەیەکی کتوپری و یەکجاری، دواهاتی خراپی هەیە لەسەر ساردبونەوەی پەیوەندی و لەرزۆکی پایەداری خێزان.

**هاوسەرگیریی زۆرەکیی و بەبێ هۆگریی**

هەندێك لە هاوسەرگیرییەکان بەهۆی سوربوونی خێزانەکان و لەبەر بەرژەوەندی دەبێت و هیچ هۆگری و خواستێکی لەسەر نییە، ئەم کەسانە بەهۆی هاندان و سوربونی چواردەور بەو هیوایەی لە ژیانی هاوبەشدا عەشق و خۆشەویستی و هۆگری دروستدەبێت هاوسەرگیری دەکەن. لەکۆندا هاوسەرگیری زۆرەکی لەلایەن خێزانەکانەوە دەسەپێنرا بەسەر کورو کچ دا، بەڵام ئەمرۆ تاکەکان هەندێکیان خۆیان هاوسەرگیرییەکی زۆرەکی بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن. بۆنمونە هۆگری کەسەکە نییە بەڵام هۆگری سەروەت یان پێگەی کۆمەڵایەتی کەسی بەرامبەرە، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە تاکەکان خۆیان دیاری ناکەن و بەناچاری و زۆری خودی مل دەنێن. هەروەها هاوسەرگیری بەرژەوەندی ئەو کەسانەی بۆ چارەسەری کێشەی نێوان دووخێزان ئەنجام دەدرێن جۆرێکە لەهاوسەرگیری ناچاری.

هەندێکیش لە هاوسەرگیرییەکان بەهۆی ئەوەوە شکست دەهێنێت هەر لەسەرتاوە بەهۆی عەشق و خۆشەویستی یان پێوەری دروستەوە ئەنجام نەدراوە، بەشێك لە ژنانیش بەهۆی هەڵهاتن لە فشاری کۆمەڵایەتی و تەنهایی هەنگاو بۆ هاوسەرگیری دەنێن. پاڵنەری هەندێك هاوسەرگیرییتر دوورکەوتنەوەیە لە فەزای نەخوازراوی ماڵە باوك، ئەو خێزانانەی ئەندامنیان زۆرەو

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

گرژی زۆری تیادایە تاکەکانی بەرەو ئەوە پاڵ دەنێت هاوسەرگیری بکەن(بەبێ پێوەرو نارەزامەندێتی). بەهەرحاڵ ئەو هاوسەرگیرییانەی بەمەبەستی سود و گەشتن بەماڵ و مناڵ یان پێگەو پلە دروستدەبێت هاوسەرگیرییەکی سست و تەمەن کورتە. چەندەها ژمێرەو و روداوی پێشبینی نەکراو رودەدات وەك قەیرانی ئابوری و مایەپوچبوون سەروەتەکانی لەناو بردووە. بۆیە (حسینی،1386) رای وایە هاوسەرگیری زۆرەکی خراپترین جۆری هاوسەرگیرییە.

**نەبونی قۆناغی دەستگیرانی و ناسینی سەرەتایی**

زۆرجار لە رێکەوتێکدا یان ئاهەنگ و بۆنە کۆمەڵایەتی و پرسەکاندا تاکەکان بەیەك ئاشنابوون و بەهۆی هەستکردن بەتەنهای و پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە ماوەیەك یەکتریان بینیوە و بەبێ ئاشنابونی تەواو بریاری هاوسەرگیرییان داوە، دواتر و بەهۆی بێمتمانەییان بەیەکتر کە واگومان دەکەن رەنگە هەریەکەیان پەیوەندیتریان هەبێت ناکۆکی و گرژی لەنێوانیاندا دروستبووە.

هاوسەرگیری کوێرانەو دوور لە وردبینی و خوێندنەوەی پێویست و تەواو رادەستبوونی هەواو ئارەزووبوون و گوێرایەڵی فەرمانی دڵ، لە هاوسەرگیرییە سست و ناپایەدارەکانە. بە پێی توێژینەوەکەی (ئالسۆن)( وەرگیراوە لە موسوی، نوابی نژاد و عاقف وحید،1386) ئەو هاوسەرانەی کە ناکۆیان دەبێت یان جیادەبنەوە ئاستێکی زیاتر لە بێتوانایی لە هەڵس وکەوتیاندا هەیە لەبەرامبەر ئەوکەسانەی کە لەداهاتودا ناکۆیان نابێت. ئەو ژن و پیاوانەی کە نمونەی هەڵسوکەوتی بەرلە هاوسەرگیرییان نییە و بەتایبەت ئەوانەی بە نەتوانین و گۆشەگیری و سۆزدارییی نەرێنی دێنە ناو پرۆسەو پەیوەندیەکەوە زیاتر لە بەردەم ناکۆکی ژن و مێردایەتی و تەڵاقدان(ایرانی،1383). توێژینەوەکانی موسوی و هاوکارەکانی(1386) ئەوە دەخاتە روو ناسینی باشتری ژن و پیاو بەهۆی کاریگەری پەیوەندیەکانیانەوە پێش هاوسەرگیری و ئاشنایی زیاتری رەهەندەکانی کەسێتی، بابەتی ئابوری و خێزانی یەکتر دەبێتە هۆی زۆربوونی هۆشیاری ژن و پیاو، لە ئەنجامدا ژیانی هاوبەشیان کەمتر ناکۆکی و دووبەرەکی تیادا دەبێت. لەبەر ئەوە قۆناغی دەستگیرانی لەروی ناسین و تێگەشتن لەیەکتر قۆناغێکی گرنگەو چارەنوسسازە بۆ قۆناغی داهاتوتر کە ژیانی پێکەوەییە.

**تەرخاننەکردنی کاتی پێویست بۆ دەرکەوتنی هۆگری و خۆشەویستی بۆ خێزان**

لە هەندێك خێزاندا، پیاوان زۆربەی کاتەکانیان لەدەرەوەی ماڵن، ئەمەش بەسەر دووشێوازی سلبی و ئیجابی دابەشدەبێت. لەبارودۆخی ئیجابیدا، هەندێك لەپیاوان سەرقاڵی ئەنجامی کاروباری پیشەیی، چارەسەرو هاوکاری کێشەی کەسانیتر، ئەنجامدانی کاروباری باشن. لەم

حاڵەتەدا، دۆخی پێشهاتوو بۆ ژنان قابیلی دەرك و تێگەشتنە، بەڵام نارازی دەبن لەو دۆخەی تیایدان و هەستێکی نائارامیان دەبێت، بەوەدا کە هاوسەرەکانیان فەزڵی کاروباری کەسانیترو کەسەکانیش دەدەن بەسەر خێزانەکانیاندا، چونکە کاتی پێویست بۆ خۆیان نابێت و لێرەوە ساردی لەپەیوەندیەکەیاندا رودەدات.

لەبارودۆخی نەرێنیشدا هەندێك لەپیاوان کاتەکانیان لەگەڵ هاورێکانیاندا لەدەرەوەی ماڵ بەسەر دەبەن، دەرەنجامی ئەو دۆخەش توشبونە بە خەمۆکی، دڵەخورپێ و ناجێگیری رۆحی، سترێس، هەرەشەکردن بەجیابونەوەو تەڵاق دێتە ئاراوە. لەخراپرین دۆخشیدا، هەندێك لە پیاوان کاتەکانیان لەگەڵ ئافرەتی تردا بەسەر دەبەن، ئەمەش جگە لەو حاڵەتە ناتەندروستانەی باسکران دەمەقاڵێ و گرژی ماوەزۆرو هەنگاونانی خێرایە بەرەو تەڵاق.

بەپێی لێکۆڵینەوەی باستانی و هاوکارەکانی (1389) هۆکارگەلی وەك دابیننەکردنی پێداویستی سۆزداری، بێبایەخی پیاو،کێشە لەپەیوەندیدا، هەڵبژاردنی نادروستی هاوسەر، نەبوونی هاودڵی وهاودەمی، رەفتاری توندوتیژ، کاتبەسەرنەبردن لەگەڵ یەکتر، بەوهۆکارە سەرەکیانە ناودەبات کە دەبێتە هۆی جیابونەوەی سۆزداریی. بۆیە پێویستە ئەندامانی خێزان بەرنامەو پلانیان هەبێت بۆ کاتی پشوەکان و چونەدەرەوەو کاتبەسەربردن لەگەڵ یەکتر.

**کێشە چارەسەر نەکراوەکانی پێشتر کە پەیوەندیدارن بەلایەنی سۆزداریی**

لەگەڵ ئەوەی تێکەڵاوبونی سۆزداریی و سێکسی بەرلە هاوسەرگیری یان لەدەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەی کوردیدا پێچەوانەیە لەگەڵ کلتورو داب و نەریت و ئاینیشدا، بەڵام ئەمە مانای رونەدانی ئەم پەیوەندیە نیەو لەم ساڵانەی دوایدا لەناو لاواندا زۆر رووی لە زیادبوون کردووە. تەنانەت پەیوەندیە سۆزداریەکان لەئاستی تاك بۆ تاك تێپەریوەو زۆرجار تاکەکەسێك(کور یان کچ) لەگەڵ چەند کەسێکی رەگەزی بەرامبەردا پەیوەندی دروستکردووە. بەشێك لە پیاوان و ژنانیش پەیوەندی سۆزداریان بەر لە هاوسەرگیری هەبوەو چارەسەر نەکراوەو بەهەڵواسراوی ماوەتەوە،کە ئەمەش وا دەکات جاروبارو کەم تازۆر بیر لەپەیوەندیەکەی رابردویان بکەنەوە. زۆرجاریش بوونی ئەم پەیوەندیانە لەلای یەکتر باس دەکەن کە ئەمەش دەبێتە هۆی سترێسێکی زۆر لەسەر ئەویتر و چۆنیەتی پەیوەندیەکەیان سارد دەکاتەوە.

بەهەرحاڵ، فۆرمەلەبونی پەیوەندی سۆزداریی لەگەڵ کەسێکدا لە رەگەزی بەرامبەر بەر لە هاوسەرگیری دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە دروستکردنی پەیوەندیەکی سۆزداریی تەندروست

لەگەڵ هاوسەردا. شکستە سۆزداریەکانی بەرلە هاوسەرگیری پەیوەندیەکی دوولایەنەی هەیە لەگەڵ جیابونەوەی سۆزداریدا. جگە لەوەش، هاوکات لەگەڵ زۆربونی تێکەڵاوبونەکانی بەرلە هاوسەرگیری لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا، رێژەی ناکامی و شکست لە هاوسەرگیرییشدا بەرزبونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە(قهرمانی، 1389).

**عینادیکردن**

عینادیکردن یەکێك لە هۆکاری ساردبونەوەی پەیوەندیەکان و جیابونەوەی سۆزداریە. ژن و پیاو لەسەر بابەتی بچوك شەر دەکەن، دواتریش چەند رۆژێك بەیەکەوە قسەناکەن تا کاتێك میوان یان روداوێکیتر ناچاریان دەکات قسە بەیەکەوە بکەن. هەندێك جاریش ئەم ناکۆکیانە لەبەرچاوی میوان و ناسراوەکان دەتەقێتەوەو ئەوانیش ئاگاداری گرژیەکانیان دەبن. کاتێکیش دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن و کێشەکەیان چارەسەر بکەن لەسەر عینادی و ملنەدان بەوەی کێ تاوانبارە دەیخەنە گەردنی یەکترو دووبارە گرژی و ناکۆکی لەنێوانیاندا دروستدەبێتەوە.

عینادیکرن و لەدژی یەکتر هەڵسوکەوتکردن مەسیری عاشقانە دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی بێهەست و خاڵی لە مەفهومە سەرەتاییەکانی ژیانی ژن و مێردایەتی. عینادیکردن، رەفتارێکە تاکەکەس بۆ بەرگریکردن لەخۆی هەندێك رەفتار دەکات و وای نیشان دەدات بەکەسی بەرامبەر کە تواناى من کەمتر نییە لەتۆ و ناتوانی شکست بەمن بهێنیت و کۆنترۆڵم بکەیت. لەژیانی هاوسەرداریدا، کاتێك یەکێك لەهاوسەران خواستەکانی خۆی دەخاتەروو، بەڵام ئەم خواستانە لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە لەبەرچاو ناگیرێت عینادیکردن دێتە ئاراوە و پایەکانی ژیانی خێزانی سست دەکات و بەهێواشی لێکی هەڵدەوەشێنێت. بوونی عینادی وادەکات ژیانی هاوبەش بە بنبەست بگات. عینادیکردن ئەو جەنگەیە کە هەرکەسیان دەیانەوێت قسەی خۆیانی تیادا بەرنەسەر. لێرەدا ئەگەر هاوسەران لەیەکتر جیانەبنەوە، بەدڵنیایەوە دەبێتەهۆی دروستکردن و زۆربوونی هەستی نائەمنی لەناو خێزاندا ئەمەش لەهۆکارەکانی زەمینەخۆشکەری جیابونەوەی سۆزداریە(حسینی،1386، باستانی و هاوکارەکانی،1390).

**دواهاتەکانی جیابونەوەی سۆزداریی:**


دواهاتەکانی جیابونەوەی سۆزداریی رێژەو جۆری فشارەکان و کێشەی رۆحی کە بەرهەمی جیابونەوەی سۆزدارین لەژیانی ژناندا جیاواز بوون و لەهەندێك خێزانەکاندا پاشهاتی توندتری هەبووە. هەندێك جار پاشهاتەکان لەسەر ژن زیاتر بووە و لەسەر مناڵ کەمتر یان بەپێچەوانەوە.

یەکێك لە پاشهاتەکانی جیابونەوەی سۆزداریی دووچاربونە بە فشارو کێشەی رۆحی جیاواز: نەبوونی پاڵنەر، بێتاقەتی و بێحەوسەڵەیی و خەمۆکی لەو کێشانەیە کە دووچاری دەبن.

لاوازبوونی ئەرك و بونیادی خێزان کە هیچکام لەهاوسەران بەهۆی نەبوونی هەستی هاوبەش بەیەکتر، ئومێدیان بە باشتربوونی بارودۆخی ژیانیان نییە و ئەم بیرە بەردەوام لەزەینیاندا گەورە دەبێت. زۆرێك لە زیانە کۆمەڵایەتیەکان لە جیابونەوەی سۆزداریی سەرچاوە دەگرێت و منداڵانی ئەم خێزانانە لەوانەیە زیاتر دووچاری زەبری دەرونی و رۆحی ببن لەبەرامبەر ئەو هاوسەرانەی جیابونەتەوە،ناچارن بەردەوام کێشەو ناکۆی و عاجزبنی دایك و باوکیان ببینن، زۆجاریش ناچارن پەیوەندی باشیان لەگەڵ دایك یان باوك لەوی تر بشارنەوە.

جیابونەوەی سۆزداریی دەبێتە هۆی ئەوەی رێژەی متمانەی تاکەکان بەیەکتر کەم ببێتەوە و بەرامبەر بەیەکتر دووچاری هەڵەتێگەشتن ببن. چونکە وەك هاوسەرانیتر کات بۆ گفتوگۆو چارەسەری کێشەکان دانانێن. منداڵانی ئەم خێزانانە بەهۆی نەبوونی پاڵپشتێکی دڵنیا لەژیانی خۆیاندا هەست بە نائومێدی و سەرگەردانی دەکەن و زۆربەیان کێشەی خەمۆکی و دەرونیان هەیە. لێرەوە رێگەخۆشکەرە بۆئەوەی دووچاری نەخۆشیە دەمارییەکان ببن. روبەروبونەوەی منداڵان بە کێشەی رۆحی و رەفتاری جیاواز لەوانە شلەژانی زۆر، گۆشەگیری، رەفتاری توندوتیژیانە، شکستی خوێندن، دوری سۆزداریی لەباوك و هەڵهاتن لەماڵ. دواین پاشهاتیش تەلاقی یاسای و جیابونەوەی یەکجارەکیە.

دەتوانرێت دواهاتەکانی جیابونەوەی سۆزداریی بەم هاوکێشەیە شیبکرێتەوە




**ئەنجامەکان**

بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی داتاکان ئەوەی نیشانداوە ڕێژەی (%41.6) هاوسەرانی نمونەی توێژینەوەکە دووچاری گرفتی جیابونەوەی سۆزداریی بونەتەوە. لەسەر بنەمای شیکردنەوەی داتاکان سەرجەم پرسیارەکان کە 24 پرسیارن بۆ دیاریکردنی ڕێژەی جیابونەوەی سۆزداریی گونجاون، پرسیارەکان لەخۆگری ئەو چەمکانەن کە دەتوانن چۆنییەتی پەیوەندی تاکەکەس لەگەڵ هاوسەرەکەی و بوون و نەبوونی جیابونەوەی سۆزداری بخاتەروو. بۆیە دەتوانرێت بوترێت نمرەی بەدەستهاتوو نمرەی جیابونەوەی سۆزدارییە لەناو خێزانەکاندا.

هەروەها بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هۆکارەکانی جیابونەوەی سۆزداری بریتین لە: نەبوونی متمانەو هەستی بەرپرسیاریەتی، تەرخاننەکردنی کات، دابیننەکردنی پێداویستی سۆزداری، گرنگینەدان بەیەکتر، ناکۆکی و جیاوازی زۆری بیروباوەڕ و جیاوازی کەسێتی. سەرەرای ئەوەی کە جیابونەوەی سۆزداریی دیاردەیەکی فرەهۆکارە. ڕێژەی کاریگەریان لە جیابونەوەی سۆزداریدا جیاوازە، هەروەها جیابونەوەی سۆزداریی پەیوەندی بە ژمارەی هۆکارەکانەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە توندی ئەو هۆکارەوە هەیە کە کاریگەری زیاتر دەکاتە سەر ژن و پیاو، بۆیە جیابونەوەی سۆزداریی لە دیدگای هۆکارەکانەوە جیاوازە.

هەستکردن بەپەشیمانی لەپرۆسەی هاوسەرگیری، نەمانی سەرنجراکێشی بۆ یەکتر، بچرانی پەیوەندی جەستەیی و دورکەوتنەوە لەیەکتر، جیابونەوەی یاسایی، دواهاتەکانی جیابونەوەی سۆزداری دەخەنەروو بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

لەکۆتایدادەبێت بوترێت کاتێك کچ و کور بەبێ ناسینی پێویست و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکان هاوسەرگیری دەکەن لەژیانی هاوبەشیاندا دووچاری زۆر کێشەو بەربەستی سۆزداری و پەیوەندیەکانیان دەبنەوە و هێواشهێواش لەیەکتری دووردەکەونەوەو هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەری نانێن. گرنگە بۆ پاراستنی خێزان و تەندروستی نەوەی داهاتووی کۆمەڵگا، پێویستە هەنگاوی پێشگیرانە بنرێت، شێوازی پێشگیرانە زۆر کاریگەرترە لە چارەسەرکردن، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە لەشێوەی خولی راهێنان و سیمینارو کۆنفرانس و دەزگای راگەیاندنەوە، لەلایەن کۆمەڵناسان و دەروونناسان و پسپۆرانەوە سەبارەت بە هاوسەرگیری سەرکەوتوو ژیانی هاوبەش هۆشیاری بڵاو بکرێتەوە.

### سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:


1. ایرانی، ن. (1383). مقایسة رضایت زناشویی در ازدواجهای سنتی و غیر سنتی دانشجویان علوم و تحقیقات (دانشكدة علوم انسانی). ثایان نامة كارشناسی ارشد،دانشطاة ازاد اسلامی واحد علوم و تحقیقات تهران.
2. باستانی.س، طلزاری. م، روشنی، ش. (1390). ثیامدهای طلاق عاطفی و استراتذهای مواجهة با ان، فصلنامة خانوادة ثذوهشی، 7(2)،241-257.
3. باستانی.س، طلزاری. م، روشنی، ش. (1390). طلاق عاطفی، علل و شرایط میانجی، بررسی مسائل اجتماعی ایران، 1(3)،1-20.
4. بخارايي، احمد(1386) جامعة شناسي زندطيهاي خاموش در ايران(طلاق عاطفی)، تهران: ثذواك جامعة.
5. ثروین، ل. جان، ا. ث. (2001)، روانشناسی شخصیت، نظریه و تحقیق. ترجمة م. ج. جوادی و ث. كدیور (1381). تهران: رسا.
6. حسینی، س. (1386). مشاورة قبل از ازدواج. تهران: اوای نور.
7. خلج ابادی فراهانی، ف. كاظمی ثور، ش. و رحیمی، ع. (1392). بررسی تاثیر معاشرت با جنس مخالف قبل از ازدواج بر سن ازدواج و تمایل بة ازدواج در بین دانشجویان دانشطاةهای تهران. فصلنامة خانوادة ثذوهشی، 9 (1) 28-7.

8. قهرمانی،ز. (1389). بررسی عوامل اجتماعی موثر بر طلاق سرد در میان ثزشكان شهرستان طضساران، ثايان نامة كارشناسی، دانشطاة ثيام نور طضساران.

**سەرچاوەکان بەئینگلیزی:**

1. DiGuiseppe,R.& Zee, C. (1986). A Rational-emotive theory of marital dysfunction and marital theory. Journal of Rational Emotive Theory, 4(1),22-37.

2. Gottman, J.M. & Levenson, R.W (1990). Marital Processe Predictive of Later Dissolution: Behavior, physiology, and health. Journal of personality and social psychology, 63(2),221-233.

3. Gottman, J.M. & Levenson, R.W (2000). The timing of divorce: predicting when a couple will divorce over a 14-years period. Journal of Marriage and Family, 62(3),737-745

4. Larson, J. H. & Holman, T.B (1994). Premarital Predictors of Marital Qwality and Stability. Family Relations, 42(2), 228-237.

5.Olson, David H. & Defrain, John (2006) marriage and families, New York: Mc Graw Hill.

6. Vangelisti,A .L. (2004) Handbook of Family Communication. USA: Lawrence Erlbum Associates.

## پاشکۆ

فۆرمی راپرسی بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر بوونی جیابونەوەی سۆزداریی

| ذ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | من و هاوسەرەکەم متمانەمان بەیەك نەماوە. | | | | | |
| 2 | هاوسەرەکەم پێی باشترە کاتەکانی لەگەڵ هاوریکانی بباتەسەر. | | | | | |
| 3 | من و هاوسەرەکەم کاتی زۆر بەیەکەوە نابەینەسەر. | | | | | |
| 4 | بەرامبەر بەیەکتر کەمتر هەست بەبەرپرسیاری دەکەین. | | | | | |
| 5 | بەرامبەر بە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان بێباکین. | | | | | |
| 6 | دەربرینی هەست و خۆشەویستی لەنێوانماندا زۆر کەمە. | | | | | |
| 7 | تا ئێستا چەندینجار بیرم لە جیابونەوە کردۆتەوە. | | | | | |
| 8 | بیری هاوسەرەکەم ناکەم و دڵتەنگی نابم. | | | | | |
| 9 | زۆر گوێ بە روالەتی یەکتر نادەین و گرنگ نیە لەلامان چۆن دەرکەوین. | | | | | |
| 10 | دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵی هیچ هەستێکی باشم پێنادات. | | | | | |
| 11 | من و هاوسەرەکەم زۆرکەم پێکەوە قسەو | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گفتوگۆ دەکەین. | | | | | |
| 12 | لەبەرچاوی خەڵکی و بۆنەکاندا رێز لەیەکتر دەگرین. | | | | | |
| 13 | لەناو ماڵ پێچەوانەی ئەوەین کە لەدەرەوەو بەرچاوی خەڵکی دەینوێنین. | | | | | |
| 14 | لەکاروباری ناوماڵدا هاوکاری یەکتر ناکەین. | | | | | |
| 15 | هاوسەرەکەم لەمن ناگات. | | | | | |
| 16 | وا هەستەکەم خاڵی هاوبەشمان نییە. | | | | | |
| 17 | هەندێکجار دەڵێم خۆزگە هاوسەرگیرییم لەگەڵ نەکردایە. | | | | | |
| 18 | بەرامبەر بە خواست و بایەخی یەکتر گرنگی نادەین. | | | | | |
| 19 | سەرنجراکێشی و جەزابیەتمان بۆیەکتر نەماوە. | | | | | |
| 20 | پەیوەندی ژن و مێردایەتیمان سست و رو لە ئاوابونە. | | | | | |
| 21 | پەیوەندی جەستەییمان زۆر نییە. | | | | | |
| 22 | وا هەستەکەم بەبێ ئەویش بتوانم بەئاسایی بژیم. | | | | | |
| 23 | گاڵتەو قسەی خۆش پێکەوە ناکەین. | | | | | |
| 24 | من و هاوسەرەکەم بەجیا ئەخەوین. | | | | | |

**Abstract**

One of the types of divorce is emotional separation. Emotional separation as known as silent separation ،an unannounced separation between husband and wife. This type of separation cannot be verified because there are no available statistics in the families. Therefore ،statistical knowledge and research is necessary for this study. To this end ،research is looking for reasons that lead to emotional separation. To get the statistic 100 married men and women in Sulaymaniyah who have been married for five years and are currently living with their spouses have been selected purposefully and answered the questionnaire ،which consists of 24 questions. The results of the analysis showed that there were 41.6 emotional separations within families within the study boundaries.